**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە** ( 14923 ) **لە ڕێکەوتی** 2013/7/7

## ڕێنمایی

## هەمواری یەکەمی ڕێنمایی تایبەت بە کاری موختارەکان

**ئاماژە بە نووسراومان ژمارە (8221) لە (2013/4/21) تایبەت بە کاری موختارەکان کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (161) لە (2013/4/30) بلاوبۆتەوەو بۆ زیاتر ڕێکخستنی کاروباری موختارەکان لەسەر ڕۆشنای تێبینی پارێزگاکان و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده 3 بڕگە /1 لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە 6ی ساڵی 2009 و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە هەموارکردنی ئەم ڕێنماییەی سەرەوە :**

**1- بەشی دووەم بڕگە 3 لە ڕێنمایی سەرەوە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:**

**- بەشی دووەم/بڕگە3: گوند هەژماردەکرێت بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە کەوا بریتیە لەکۆمەڵەماڵێك**

**2- بەشی سێهەم بڕگە3و7و8: لەرینمایی سەرەوە هەڵدەوەشێتەوە وئەمەی خوارەوە جێگایان دەگرێتەوە:**

- **بەشی سێهەم / برگە 3: تەمەنی کەمتر نەبێت لە 30 ساڵ و زیاتر نەبێت لە 63 ساڵ لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری دامەزراندنی بە موختار.**
- **بەشی سێهەم/ بڕگە7 : هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی بەلایەنی کەم سەرەتایی بێت بۆ گەرەکەکان و ( نووسین و خوێندنەوە - یکتب و یقرا ) بێت بۆ گوندەکان.**
- **بەشی سێهەم/ برگە 8 : هیچ کێشەیەکی تەندروستی و لەش و لاری نەبێت کەرێگر بێت لە راپەڕاندنی کارەکانی بە پێی راپۆرتی پزیشکی پسپۆری پەسەندکراو.**

**3- بەشی پێنجەم بڕگە 1: لەرێنمایی سەرەوە هەڵدەوەشێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:**

- **بەشی پێنجەم / برگە 1: خەرج کردنی دەرماڵەیەك یان پاداشتێکی مانگانە بە بڕی (500000) پێنج سەد هەزاردینار بۆ گەرەکانی ناو شار و( 400,000) چوار سەدهەزار دینار بۆگەڕەکەکانی ناو قەزاکان و ( 350,000) سێ سەدو پەنجا هەزار دینار بۆ گەرەکی ناحیەکان و گوندەکان لە بودجەی پارێزگا یان یەکەی کارگێری سنووری کارەکەی.**
- **ئەم هەموارە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی بلاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان.**

**شێروان حەیدەری**